# مـۆڕاڵ، پەیوەست بە کەلتور و دەوروبەری کۆمەڵایەتییەوە (لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی کۆمەڵایەتییە)

# الأخلاق وعلاقتها بالتراث والبيئة الاجتماعية المحيطة (دراسة في علم اللغة الاجتماعية)

# Moral in relation to culture and Social Status (Sociolinguistic Study)

**سەلام ڕەحیم ڕەشید[1]، نەوزاد ئەنوەر عومەر[2]،جەلال سەعدوڵلا حەسەن[3]**

[1] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە ،زانکۆی گەرمیان ، شاری کەلار، هەرێمی کوردستان، عێراق

[2] بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە ،زانکۆی کۆیە ، شاری کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

[3] بەشی زمانی ئینگلیزی، کۆلێژی پەروەردە،زانکۆی گەرمیان ، شاری کەلار، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail:salam.raheem@garmian.edu.krd

## پوختە

ئەم کارە لە بواری زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدایە، کە لە دیاردەی مۆڕاڵی زمانی، و بەکارهێنانی دەربڕینی مۆڕاڵی لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئاخاوتنی کوردی دەتوێژێتەوە، هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی هەندێ پرسیاری وەك(مەبەست لە مۆراڵ چییە، پەیوەند نێوان مۆڕاڵ و کەلتور چییە، ئایە مۆڕال بنەمایەکی جیهانی یان کەلتوری هەیە)؟ ئەمە جگە لەوەی ،چەمکی مۆڕال لە زمانەکانی تردا پانتاییەکی فراوانی لەتوێژینەوەی زانستەمرۆییەکاندا داگیرکردووە، و شایەنی گرنگیدان و لێتوێژینەوە بووە، بەڵام وەکو ئەوەی بزانرێت، پەیوەست بە زمانی کوردییەوە و لە چوارچێوەی کارێکی سەربەخۆدا بەرچاو ناکەوێت،و ئێمەش وەکو گرفتێك لەزمانەوانی کوردیدا لێی دەڕوانین و ئامانجمان چارەسەرکردنی ئەو گرفتەیە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی ئەم بوارەی زمان و ئەم ناونیشانەی هەڵبژاردووە، و لەئەنجامدا گەیشتین بەو ڕاستییەی، کە مۆڕال کایەیەکی گرینگەو سەرجەمەم جومگەکانی ژیانی تاکو کۆمەڵی گرتوە، و بۆنرخاندنی مۆڕاڵی مرۆییش پشت بە زمان دەبەسترێت. توێژینەوەکە بە پێی میتۆدی شیکاری پەسنکەرانە ئەنجامدراوە ، هێنانەدی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەش وایخواستووە، کە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، بەپێی پلانێك بەسەر سێ بەشدا دابەشکبرێت.

**کلیلە وشەکان:** کەلتور ، مۆراڵ ، دەوروبەری کۆمەڵایەتی ، پەیوەندی کۆمەڵایەتی، پێگەی کۆمەڵایەتی.



| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10484 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/١١/٩ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/١/٨ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | salam.raheem@garmian.edu.krd |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٣ م.سەلام ڕەحیم ڕەشید، پ.ی.د.نەوزاد ئەنوەر عومەر، پ.ی.د.جەلال سەعدوڵلا حەسەن، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**ملخص**

يتناول هذا البحث، الظاهرة الاخلاقية في ميدان اللغة الاجتماعية حيث التعبير الاخلاقي في العلاقات الاجتماعية والمحادثة باللغة الكردية. كما انها خطوة لاستجابة التساؤلات التي تثير الجدل مثل(ماهي الاخلاق، ماهية العلاقة بين الاخلاق والتراث، وهل للأخلاق مقومات عالمية او تراثية)؟ هذا بغض النضر عن ان مفهوم الاخلاق في اللغات الأخرى قد تشغل ميزا واسعا في دراسات العلوم الإنسانية، جديرا بالاهتمام والدراسة، لكن فيما يخص هذا الموضوع فربما لا يمكن ان نجد دراسة كردية مستقلة تتعلق بموضوع البحث. لذلك رأينا من الضروري النضر اليه كمشكلة قائمة في اللغة الكردية يستوجب البحث والتحليل وإيجاد الحل المناسب لها. وعليه يعد هذا البحث محاولة لملء هذا الفراغ في مجال اللغة والعنوان المختار للبحث. ونستنتج من ذلك حقيقة جوهرية وهي ان الاخلاق يجد ذاته ميدان هام وفسيح يسع جميع مرافق الحيات الفرد والمجتمع. واللغة هي الوسيلة التي يمكن الاعتماد عليها في تقيم الاخلاق الإنسانية. واعتمد البحث على المنهج التحليلي في تناوله الموضوع. واقتضى أجواء البحث ان يحتوي على لمقدمة والاستنتاج وقائمة للمصادر والخطة مقسمة الى ثلاثة فصول.

**مفتاح الكلمات والألفاظ:** التراث، الأخلاق، المحيط الاجتماعي، العلاقة الاجتماعية، الموقع الاجتماعي.

## Abstract

This study is on sociolinguistic field, in which deals with moral language phenomenon and using moral expressions in social communications and Kurdish discourse. It tries to find the answer to the following questions such as (What is moral? What is the relation between morality and culture? Does morality have universal-based or culturally based? Generally, morality covers a wide area in social research studies. Concerning Kurdish, as it is known, there is no independent work about morality. So as researchers, we intend to fill this gap in Kurdish language and our aim is to find precise answers to this problem in Kurdish. In conclusion one point is focused in which really morality is an important field covers all institutions of individual and community life, to value the morality human beings depends on language. The study is done according to analytical method. It consists of an introduction, conclusions, references list and three chapters.

**Key words:** Culture, Morality, Social, Environment, Social Interaction, Social Status

## پێشەکی

### ناونیشان و بواری توێژینەوە:

توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی (مۆڕاڵ، پەیوەست بە کەلتور و دەوروبەری کۆمەڵایەتییەوە)یە، هەوڵی خستنەڕوی رادەی پەیوەندی و کاریگەری مۆڕاڵ لەسەر کەلتور و دەورەبەرە کۆمەڵایەتییەکان، لە چوارچێوەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا، دەدات.

### هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوە:

گرنگی چەمکی مۆڕاڵ لەلایەك، و وابەستە و پراکتیزەکردنی لە کەلتور و دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکاندا، و کەمی توێژینەوەکانی پەیوەست بەم بوارە لە زمانی کوردیدا، هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی توێژینەوەکەمانە.

### ئامانجی توێژینەوەکە:

خستنەڕوی کایەیەکی گرنگ و پڕپایەخی ژیانی تاك و کۆمەڵ، و پیادەکردنی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و کردنەوەی دەرگایەکی نوێ بەڕوی زمانەوانی کوردی، بە مەبەستی لێتوێژینەوە، لە گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیەیە

### سنور و کەرەسەی توێژینەوە:

سنوری توێژینەوەکە بواری زمانەوانی کۆمەڵایەتییە، کەرەستەی توێژینەوەکەش زاری کوردیی ناوەڕاستە، کەرەستە بەکارهاتووەکانیش لە زمانی رۆژانەی قسەپێکەران و سەرچاوە بەکارهاتووەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەکەوە وەرگیراون.

### گرنگی توێژینەوە:

مرۆڤ لە هەموو قۆناغێکدا پێویستی بە مۆڕاڵ و پیادەکردنی بنەما مۆڕاڵییەکان هەبووە، و دەبێت، ئەم بابەتەش لە بواری زمانەوانی کوردیدا، لە سەرەتای رێگادایە، و وەکو پێویست لێی نەتوێژراوەتەوە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی لایەنێکی ئەو بۆشاییەی توێژیینەوەی زمانەوانیی زمانی کوردی.

### میتۆدی توێژینەوە:

بەو پێیەی توێژینەوەکە لە بواری زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدایە، بۆیە بە شێوەیەکی گشتی رێبازی (پەسنی شیکاری) پێڕەوکراوە

### ناوەڕۆکی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە, جگە لە پێشەکی و پوختەی توێژینەوەکە، بەسەر سێ بەشدا دابەشکراوە.

بەشی یەکەمی توێژینەوەکە سێ تەوەر لەخۆدەگرێت تەوەری یەکەم، بۆ پوختەیەك دەربارەی پەیوەندی مۆڕاڵ بە کەلتورەوە تەرخانکراوە، تەوەری دووەم، تێیدا باس لە زاراوە و چەمکی کەلتور کراوە، لە تەوەری سێیەمیشدا، بەکورتی باس لە مۆڕاڵ بە پێی کەلتورەکان کراوە، لە بەشی دووەی توێژینەوەکەشدا تیشك خراوەتە سەر بابەتی مۆڕاڵ و دەوروبەری کۆمەڵایەتی، وەك (رەگەز ، تەمەن ، پێگەی کۆمەڵایەتی ، پیشە)، بەشی سێیەمی توێژینەوەکەش تیشك دەخاتە سەر مۆڕاڵ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، وەك: (خزمایەتی، هاوڕێتی ، ئەندامانی خێزان).

لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتووین، لەگەڵ سەرچاوە بەکارهاتووەکان خراونەتە، ڕو.

### بەشی یەکەم

### ١-١/ مۆڕاڵ و کەلتور:


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

**١-١-١/ زاراوەو چەمکی مۆڕاڵ:** مۆڕاڵ لە بناغەدا وشەیەکی لاتینییە لە (mos)هوە هاتووە، کە واتای عادات، نەریت دەگەیەنێت، سەبارەت بە چەمکی مۆڕال، چەمکێکی فرە ڕەهەندەو زۆر لایەن و بوار لەخۆدەگرێت، لە زمانی ئینگلیزیدا جارێك وەکو ئاوەڵناو کە بە واتای (ئەخلاقی/ڕەوشتی، مەعنەوی/ ورە، ڕوحی/گیانی، افترازی/پابەندبون)، وەکو ناویش بە واتای (ڕەوشت، مەبەست، پەند، ئاکار... تاد)هاتوە، لە زمانی عەرەبیدا (اخلاق) لە چاوگی (خلق)هوە وەرگیراوە، (حەمە عەلی: ٢٠١٨: ١٣٩-١٤٠)مۆڕاڵ بنەمایەکی سەرەکی و پایەیەکی گرنگ و پەیوەستداری ژیانی کۆمەڵ، و تاکە، سیستەمێکە لە بەها لە ژیانی تاك و کۆمەڵدا، و مرۆڤ بۆ بەرزترین ئاستی مرۆڤایەتی بەرزدەکاتەوە، مۆڕاڵ لە زمانەوانیدا بە واتای (ئاکار یان ڕەوشت) دێت، لە زاراوەسازیشدا ئاماژەیە بۆ بوونی دەرونێکی جێگیر، کە سەرچاوەی ئەنجامدانی کارەکانێتی بە شێوەیەکی ئاسایی بێ بیرکردنەوە لیيان دەکات، ئەگەر سەرچاوەکە، کارەکانی باش بوو مانای وایە دەرونەکە باشە ، ئەگەر کارەکانیشی خراپ بوو مانای وایە دەرونەکە خراپە، هەروەها پێناسە کراوە بە ڕەفتارێکی باش، کە بەشێوەیەکی ئەرێنی کاریگەری لەسەر دەروون و ورە و متمانەی کەسانی دیکە هەیە، پرەنسیپی جیاکردنەوەی هەڵسوکەوتی ڕاستە، لە هەڵسوکەوتی هەڵەو ، هاوتایە لەگەڵ پێوەرە ڕاستەکاندا و گونجاوە لە گەڵ ویژداندا.(محمد:٢٠٢٠: ل: ١٩٠ – ١٩٣ ). بەشێوەیەکی گشتی مۆڕاڵ پێرەوێکە لە بەهاو پێوەری ڕەفتاری ، کە کۆمەڵگە بۆ خۆی و تاکەکانی بە پەسەندی زانیوە ، ئەرکی ئاراستەکردنی تاکەکان بۆ ئەو کارەی پێویستە ئەنجامی بدەن و ئەو کارەش پێویستە لێی دور بکەونەوە لە هەڵوێستە جیاوازەکانی ژیاندا، مرۆڤ هاندەدات کاری ڕاست و هەڵە و چاك و خراپ و خێرو شەڕ لەیەکتری جیا بکاتەوە، واتە جیاوازی لە نێوان ئەو کارو کردارو گوفتارانەی کە پەسەندکراو یان پەسەند نەکراوی کۆمەڵگەن، بکات .( وطفە : ٢٠١٣ ص:٥).

لەمەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە مۆڕاڵ، پایەیەکی گرنگە و بە یەکێك لە پرەنسیپە پڕ بایەخەکانی بنیاتنانی کۆمەڵگە و پاراستنی لە لەناوچونی ئەژماردەکرێت، لەهەمان کاتدا بنەمایەکی گشتییە بۆ پێگەیاندنی تاکێکی سوبەخش و چالاك، کە هەوڵ بۆ چەسپاندنی دادپەروەری و یاسا گونجاوەکان دەدات، کەواتە مۆڕاڵ چەند بۆ تاك گرنگە هێندەش بۆ کۆمەڵگە گرنگە:

بەها مۆڕاڵییە خوازراوەکان دەبنە بنەمایەکی بەهێز و کەلتور و شارستانییەتی لەسەر بنیاتدەنرێت، و دەبێتە پارێزەری مرۆڤایەتی لە هەموو قۆناغ و بوارەکانی ژیاندا، لە نەبونی مۆڕاڵدا کۆمەڵگە دەکەوێتە بۆشایی هزری و ڕوحی و چاوەڕوانی ناسەقامگیری لە هەمو بوارەکانی کۆمەڵایەتی ڕامیاری ئابوری...هتد، لێدەکرێت، واتە هەرنەتەوەیەك مۆڕاڵ لە دەستبدات، ئەوە بنەماو ڕەگەزە سەرەکییەکەی مانەوەی لە ژیان لە دەستداوە،( Mary:1983: p: 758).

کەلتوریش بۆخۆی دۆخێکی گشتییە، و لە تایبەتمەندییە ماددی و مەعنەوییەکان پێکهاتووە ، کە تایبەتمەندیی کۆمەڵێك یان گروپێك لەخۆدەگرێت، کە تەنها خۆی لە هونەرو میراتی نوسراو و نەنوسراوی نەتەوەیەکدا نابینێتەوە، بەڵکو سیستەمی نۆرم و بەها و نەریتەکانە، ژیانی کەلتوری هەر نەتەوەیەکیش، وابەستەی کۆمەڵێك نۆرم و بەهای مۆڕاڵییە، کە دواتر دەبنە بەردی بناغەو، کەلتورو شارستانی ئەو نەتەوەی لەسەر بنیات دەنرێت، واتە کەلتوری مرۆڤایەتی لە هەر قۆناغێکدا لەسەر بنەمای بەها مۆڕاڵییە بەرزەکان دامەزراوە، پێچەوانەکەشی ڕاستە، ئامانجی هەرە سەرەکی لە پیادەکردنی بنەما مۆڕاڵییەکان، بەدەستهێنانی بەختەوەرییە بۆ تاك و کۆمەڵ، واتە مۆڕاڵی ئێمە بەشێکی گرنگە لە کەلتورەکەمان( وەلی: ٢٠١٩: ل:٢٥٣).

**٢-١-١/ زاراوەو چەمکی کەلتور:**

زاراوەی کەلتور بەشێوەیەکی گشتی لە وشەی (culture)ی لاتینییەوە وەرگیراوە، لە فەرهەنگی زمانی ئینگلیزدا بە چەند واتایەکی جیاواز بەکار هاتووە، و لە ئەنجامی بەرەو پێشچونی کۆمەڵ و کۆمەڵگە، واتای نوێی لێداتاشراوە، بە شێوەیەك پەلوپۆی بۆ چەندین کایەو

بواری جۆراوجۆر هاویشتووە. کەلتور لەسەرەتادا بە واتای (کێڵان)ی زەوی و گەشەکردنی ڕوەك و گیانداران تیایدا بەکارهاتووە(Webster's: p:١٩٨٩: ٣٥٣)، بە درێژایی هەردو سەردەمی فەرمانڕەوایی گریك و ڕۆمانەکان ئەم وشەیە بە مانای کێڵان و چاندنی زەوی هاتووە، بەکارهێنانی ئەم وشەیە بە واتای گەشەکردن، یاخود بەرەو کامڵبونی ژیری ، بە فێربون و کارکردن لەسەری بەکار هاتووە، بۆیە (شیشرۆن) بە کەسێکی پێشەنگ دادەنرێت؛ لە بەکارهێنانی ئەم واتایە و بانگەشەی فەلسەفەی (culturaments)ی بۆ چاندنی ژیری و نەشونماکردنی کردووە( أبو الفتوح: ٢٠٠٠:ص: ١٢٨)، بێگومان ئەم وشەیە بە واتای (دروێنە)، یاخود بەرهەمی کرداری چاندنیش هاتووە(محەمەد: ٢٠٠٧:ل: ١٤)، لێرەدا گەر بەدوای یەکدا، واتاکانی، (کێڵان___چاندن___دروێنەکردن/ بەرهەم) دابنێین، ئەوەی لە هزرماندا دروستدەبێت ئەوەیە، کە کەلتور ئاراستەیەکی هەڵکشانی هەیە، واتە خەسڵەتێکی (پێگەیشتن و کامڵبون و کەڵەکە بونی هەیە)، هەروەها وشەی کەلتور بە واتای ڕۆشنبیرکردن ، پاککردنەوە (تهذیب) و چاودێریکردن بەکار هاتووە( البعلبکي: ١٩٧٦:ص: ٢٣٨).

لە سەردەمی ڕێنیسانس و ئەو گۆڕانکارییە بەسەر ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا هات، و سەرەنجام وەرچەرخانێکی بەرچاوی لێکەوتەوە، بە تایبەت لە بواری هونەر و زانستەکاندا، وشەی کەلتور پەلی هاویشتە کایە هونەری و ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانەوە( فەرەج: ٢٠١٣:ل: ٥٧)، پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین، کە کەلتور بە واتای شارستانیەتی، یاخود قۆناغێکی دیاریکراو لە قۆناغەکانی بەرەو پێشچونی شارستانێتی گەلێك، یاخود نەتەوەیەکی تایبەت بەکار هاتووە، بەڵام لە فەرهەنگی زمانی ئینگلیزیدا زیاتر وشەی (Civilization) بۆ شارستانێتی و ژیانی مەدەنی و گەشەکردنی تەکنەلۆژی...هتد، بەکار هاتووە (Oxford: ٢٠٠٠: ٢٠١-٢٠٢)، هەر سەبارەت بە ناساندنی کەلتور، لەساڵی (١٩٥٢) دو ئەنسرۆپۆلۆژی ئەمریکی (١٥٢)پێناسەی کەلتور و چەندین نوسینیان لەسەر کەلتور، کە خەسڵەتێکی پێناسینیان هەبو، کۆکردەوە، هەڵبەتە ئێستا ئەو پێناسانە لەو سنورەدا نەماون، و گەلێك زیادیان کردووە، (پەیتەرکلۆس: ٢٠٠٢:ل: ٥٣)، بۆیە دیاردەیەکی ئاڵۆزی وەکو کەلتور پێناسەکردنی بەشێوەیەکی گشتگیر، کە سەرجەم لایەن و پێکهاتەکانی تیادا بخرێتەڕوو کارێکی ئاسان نییە، و ئەم ئاڵۆزییەش بۆ فراوانی پێکهاتەکانی کەلتور، دەگەڕێتەوە( فەرەج: ٢٠١٣:ل: ٦١)، لە خوارەوە چەند پێناسەیەك دەخەینە، ڕو.

کەلتور هەمو ئەو بەها و نەریت و هونەر و مۆڕاڵ و ئایین و بیروڕاو یاسا کۆمەڵایەتییانە، و هەر توانایەکی تری مرۆڤە، کە لە کۆمەڵدا وەریاندەگرێت ( القذافي و الدويبي: ٢٠١٠:ص: ٣٢٩).

کەلتور هەمو ئەو هەست و هەڵچون و بیروڕاو دابونەریت و ئاراستەو فەلسەفە و چالاکییە کارلێکراوانەن، کە لەکۆمەڵدا باون و کاریگەرییان لەسەر تاك هەیە لە ڕەفتار و ئەو هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکانیاندا، کە ڕۆژانە ڕوبەڕویان دەبێتەوە، ڕەنگدەدەنەوە، (شەمس: ٢٠١٣:ل: ٤٤)،

هەموو ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتیانەیە کە دەستاودەست دەکەن لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی، وەك بەهای مۆڕاڵی و خواردن و نەریتە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان، و بەکارهێنانی زمانیانەی سروتەکان و شێوەی جلوبەرگ و کەرەسەو بیناسازیش دەگرێتەوە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە کەلتور دوبەشی سەرەکی لەخۆ دەگریت، ئەوانیش:

بەشی یەکەم/ بەرجەستەیی: وەك جلوبەرگ، تەکنیك، ئاوەدانی، کەرەسەو بیناسازی...هتد.

بەشی دووەم/ نابەرجەستەیی: وەك بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان و مۆڕاڵ و یاساکان...هتد ( فەرەج: ٢٠١٣:ل: ٦٣-٦٤).

کەلتوری نەتەوەی کوردی پەیوەستییەکی پتەوی بە ئاینی ئیسلامەوە هەیەو، ڕاستەو خۆ پێوەی کاریگەرەو ئیسلام بووەتە ئیلهام بەخشی بەشێکی فراوانی ئەو کەلتورە، تێکەڵبونی ئاینی ئیسلام بە کۆمەڵگەی کوردی وشۆڕبونەوەی لە ناخیدا و کاریگەریی لە ئاوەز و ئاکار و هزری تاکی کورد، مێژوییەکی دێرینی زیاتر لە چواردەسەدەی هەیە، بۆیە چەمکێك نەماوە لە ناو کۆمەڵگەو خێزان و تاکی کورددا جیپەنجەی ئیسلام و کەلتورەکەی پێوە دیار نەبێت.(کەریم: ٢٠١٢: ٦-١٠)

## ١-١-٣/ مۆڕاڵ بەپێی کەلتورەکان:

بەو پێیەی مۆڕاڵ گفتوگۆ و بۆچون و تێڕوانینی زۆر هەڵدەگرێت، هەروەکو لە سەرەتادا باسمانکرد، تایبەت بە بابەتی مۆڕاڵ و کەلتور، پرسیارێك دێتە ئاراوە، ئەویش ئەوەیە، ئایا مۆڕاڵ بنەمایەکی جیهانی، یان کەلتوری هەیە؟


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لە وەڵامی ئەم پرسیارەیش چەندین بۆچونی جیاواز بەدیدەکرێت، بۆنمونە:

(Haidt) بۆچونی وایە، کە مۆڕاڵ هەردو بنەمای (جیهانی و کەلتوری) لەخۆدەگرێت ، بەڵام لێرەدا نارونییەك لە جیاکردنەوەی پێکهاتەکاندا بەدیدەکرێت لەوەی، کە ئایە کام پێکهاتە جیهانییە و کامیان کەلتورییە؟، ئەمەش وادەکات، کە نەتوانرێت بە ئاسانی و بەشێوەیەکی ڕەها بڕیاری لێبدرێت،( Haidt: 2008:p: 101).

هەندێك لە زانایانی وەك (Kohlberg و Turil) پێداگری لەوە دەکەن، کە مۆڕاڵ چەمکێکی جیهانییە، بە بەڵگەی ئەوەی لوتکەی مۆڕاڵی جیهانی، کە بریتییە لە (ماف ، دادپەروەری و خۆشگوزەرانی ) گشتگیرن، و لە هەمو کەلتورە جیهانییەکاندا بونیان هەیە، و بەهەند وەردەگیرێن، بەڵام هەندێك لە زانایان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە مۆڕاڵ چەمکێکە پەیوەستە بە کەلتورە جیاوازەکانی نەتەوەکان( Kohlberg: 1984:p: 251)

هەر سەبارەت بە وابەستەبونی (کەلتور و مۆڕاڵ) هەریەکە لە زانایان (Shweder , Much ,Mahapatra , park) بیردۆزێکیان گەشە پێدا، و ئەم بیردۆزەش پایەکانی خۆی لە، (ئۆتۆنۆمی ، کۆمەڵ و خواوەندێتی/الهی) دا بەرجەستە دەکات.

١. سەبارەت بە پایە و بنەمای (ئۆتۆنۆمی)، هۆکارەکانی مۆڕاڵ بەوە پێناسە دەکرێت، کە خەڵکانی سەربەخۆ، ئازادن لە بڕیاردان، یان هەر بژاردەیەك، بە مەرجێك هەڵسوکەوتیان پێشێلی مافی بەرانبەر نەکات، و ئازاریان پێنەگەیەنێت.

٢. کۆمەڵ: هۆکارەکانی مۆڕاڵ دەناسێنێت بەوەی، ئێمە گەر بمانەوێت، یاخود نەمانەوێت ، ئەندامی گروپێکی کۆمەڵایەتی تایبەتین، بۆیە بە ناچاری پیادەی مۆڕاڵ، بەپێی کۆمەڵ دەکەین، و پابەندی بڕیارەکان دەبین.

٣. خواوەندێتی/ الهی: چەمکی مۆڕاڵ بەوە دەناسێنێت، کە بونێك، یان پێکهاتەیەکی گیان/روحی، هەیە، کە یاسا و ڕێساکانی روحی و ویژدانی پیادەدەکات، لە پێناو بەدەستهێنانی ڕوحێکی پاکژ و بێگەردا ( Shweder, et al, 1997:p:210). ڕەفتارەکانی ئێمەی مرۆڤ بەشێکە لەو کۆمەڵە پێوەرە کۆمەڵایەتییەی، کە لە چوارچێوەی مۆڕاڵدا خۆی دەبینێتەوە،

بۆ نمونە: هەندێك لە کەلتورەکان هاوڕان لەگەڵ فرەژنی، یاخود هاوڕەگەزخوازی، بەڵام هەندێ کەلتوری تر ڕازی نین، و بە (immoral/ نامۆڕاڵ) ئەژماری دەکەن، چونکە ژن و پیاو لە ژێر پێوەری جیاوازدان، یاخود (سەماکردنی پیاو، خواردنی گۆشتی بەراز و چێشتلێنانی پیاو ) لە هەندێ کەلتورەکان بە نامۆڕاڵ ئەژماردەکرێن( Matsumoto & Juang:2017:p: 287).

کەواتە، گواستنەوەی کەلتور لە کەسێکەوە بۆکەسێکی تر، یان لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بۆماوەیی،(وراثی) نییە، بەڵکو بە شێوەی ئەزمون و لە ڕێگەی هەڵسوکەوتەوە دەگوازرێتەوە، هەروەها بەها کەلتورییەکان ڕۆڵ لە جیاکردنەوەی کۆمەڵێك بۆ کۆمەڵێکی تر دەبینن. کەواتە کەلتور و مۆڕاڵ پێکەوە گرێ دراون، بۆیە کاتێك بەها کەلتورییەکان بە شێوەیەکی گشتگیر و هاوبەشی کۆمەڵایەتی تەماشابکرێت بۆ بڕیاردان لەسەر دروستی و نادروستی دیاردەیەك، یان هەڵسوکەوتێك، ئەوا مۆڕاڵە بڕیاری لێوە دەدات، بە هەمان شێوە، بەها مۆڕاڵییەکان کاتێ کۆدەنگی و هاوبەشی کەلتوری لە بارەوە هەبوو. (B & H :1997:p: 77).

هەر سەبارەت بەم بابەتە (Haidt)پێی وایە، کە مۆڕاڵ پرۆسەیەکی چەسپاو و چەقبەست و نییە، بەڵکو خودکارەو، لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەکردنی مرۆڤدا گەشەدەکات، و بەپێی کەلتورەکان لە گۆڕان و پەرەسەندندایە (Haidt : 2007:p: 316).

ئێمە لە توێژینەوەکەماندا هاوڕاین لەگەڵ بۆچونی (Haidt) کە مۆڕاڵ پرۆسەیەکی چەقبەستو نییە و لە گۆڕاندایە، بە پێی گۆڕانکارییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، باشترین نمونەش، قۆناغەکانی تەکنەلۆجیای پێشکەوتو کە لە کۆتای سەدەی بیستەوە دەستپێدەکات، ڕۆڵی نەرێنی بینیوە لە بەلاڕێدا بردنی بەهاو نۆرمە کۆمەڵایەتیەکان، کە سەرجەم نۆرم و بەها کۆمەڵاتییەکان گۆڕانکاییان بەسەردا هاتوەو کەوتونەتە ژێر هەژمونی تەکنەلۆجیای پێشکەوتو.

## بەشی دووەم.

### ٢-١/ مۆڕاڵ و دەروبەری کۆمەڵایەتی:

مەبەست لەو دەروبەرەیە، کە دەستنیشانی پەیوەندیی نێوان ئاخێوەروگوێر دەکات، ئایا ڕادەی پەیوەندیی نێوانیان لە چ ئاستێکدایە، و بە هۆی ئەو یاسایانەوە ڕێیدەرن بۆ هەندێك لە دەربڕینەکان، یان مەرج و کۆتوبەندەکانییەوە جۆرەها کردەی لێکتێگەیشتن بەرهەمدەهێنن. (عومەر: ٢٠١٤:ل: ٢٦)،

دەوروبەری کۆمەڵایەتیش بریتییە لەو ژینگە و کات و ساتەی، کە مرۆڤی تێدا دەژی، کۆمەڵێك پەیوەندیی هاوبەش پێکیانەوە دەبەستێت، واتە بریتییە لە زێدی تاك و ئەو ژینگەی تێیدا گەورە دەبێت بە هەمو پێکهاتە جیاوازەکانییەوە لەڕووی: ( ڕەگەز، تەمەن، پێگەی کۆمەڵایەتی، پیشە و...هتد) واتە هەمو ئەندامانی کۆمەڵ لەخۆدەگرێت، و دەکرێت هەر یەك لەم پێکهاتانەش تایبەتمەندیی خۆی هەبێت لە ڕوی پیادەکردنی بەها مۆڕاڵییەکاندا. لێرەوەش تیشك دەخەینە سەر هەندێکیان.

## ٢-١-١/مۆڕاڵ و ڕەگەز:

سروشت و لۆژیکی ژیان و بون، بونەوەرانی بەسەر دو ڕەگەزی نێر و مێدا دابەشکردووە، مرۆڤ لە پۆلکردنی دەوروبەری خۆیدا، بە جیاوازیی کەلتورەکان، پەیڕەوی هەمان دابەشکردنی کردووە (شەمس: ٢٠١٣:ل: ١٥)، لەگەڵ ئەوەی ڕەگەزی مرۆڤ، تایبەتمەندیی جیاوازیی پێدەبەخشێت، و ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لە شارەزایی و جیهانبینی تاك، و چۆنێتیی بەدەستهێنانی شارەزایی لە جیهانی دەوروبەر، بۆیە لەم سەردەمە و بە تایبەتی لە کۆمەڵگەی مۆدێرن، لەسەر تاك بە هەردو ڕەگەزەکە پێویستە پێناسەی شوناسی خۆیان لەسەر بنەمای ئەرك و ڕۆڵبینینیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ژیان بکەن.

لەم ڕوانگەیەوە بۆچونی چەند زانا و نوسەرێك سەبارەت بە پیادەکردنی مۆڕاڵی لە هەردو ڕەگەز دەخەینەڕو. (Gilligan & Wiggins)، ئەم دوانە وەسفێکی جیاوازیی مۆڕاڵی لە نێوان هەردو ڕەگەزدا دەکەن ، کە تێیدا ئاماژە بەوە دەکەن، کە ڕەگەزی مێ وەڵامدانەوەی بۆ بەها مۆڕاڵییەکانی، وەك (سۆز ، بەزەیی ، خۆشەویستی)، هەستیارترە، وەك لە ڕەگەزی نێر، لەبەرانبەردا ڕەگەزی نێر بەها مۆڕاڵییەکانی لەسەر بنەمای سەرنج و هەڵسەنگاندن و ئەزمونی خۆی لەو بوارانەدا پیادە دەکات(Gilligan and Wiggins 1987;p:277). (Raymor.) لەوبڕوایەدایە، کە تاکەکانی کۆمەڵگە بەپێی ڕەگەزیان، لە دەربڕینی ڕێگاکانی ململانێی مۆڕاڵ و نواندنی مۆڕاڵدا جیاوازن، و لەو پێناوەشدا دو (٢)خاڵی کردۆتە بنەما بۆ ئەم جیاوازییە، کە بریتین لە:

١. پەیوەست بە ڕاگرتنی باڵانسی دابینکردنی پێداویستی و هاوکاری و یارمەتیدانی کەسانی تر، ڕەگەزی مێ زیاتر پابەندە بەرانبەر بە ڕەگەزی نێر، بۆیە لە حاڵەتی دابیننەکردنی ئەو پێداویستییە هەست بە پەشیمانی نائارامی دەکات.

٢. لە ململانێی مۆڕاڵی و مۆڕاڵی گیانفیدایی و خۆبەختکردن ڕوبەڕوبونەوەی مەترسیدا، ئەوا ڕەگەزی نێر تارادەیەك لە ڕەگەزی مێ باڵا دەسترە(Raymor: 2016 :p:18).

هەر لەم ڕوانگەوە ( Tangney & Dearing) ، بە تاقیکردنەوە ئەوەیان سەلماندوە، کە بەهای مۆڕاڵی هەڵچون لە ڕەگەزی نێردا ئاساییە بە بەراورد بە ڕەگەزی مێ، کە تارادەیەك شەرمنانەیە ، بۆنمونە : دەنگهەڵبڕین لە ئافرەتدا دیاردەیەکی تارادەیەك نامۆ/ نەرێنییە، چونکە دواجار پەشیمانی بەدوادا دێت( P & L :2002;p: 251-269)،

هەروەها (Haffman & Hurst). دەڵێن: لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا بەها مۆڕاڵییەکانی، وەك (بەرپرسیارێتی، دابینکردنی بژێوی ڕۆژانەی خێزان) لە پیاودا زیاتر پیادەدەکرێت، وەك لە ئافرەتدا، بەڵام بەهای مۆڕاڵی چاودێری خێزانی لە ئافرەتدا بەرزترە(Tangney & Dearing; 1990;p: 197-208).

(Schmid & Mast) پێیانوایە: ڕەگەزی نێر، لە پیادەکردنی هێزو دەسەڵات و بەڕێوەبردنی کاروباری فەرمی و بەرپرسیارێتی هەوڵی بە لوتکەکردنی ڕەگەزی نێر دەدات، لە هەرەمی دەسەڵاتدا، بەڵام ڕەگەزی مێ، هەوڵی یەکسانخوازی دەدات سەبارەت بەو بەها مۆڕاڵییانەی سەرەوە، جگە لە بەهای مۆڕاڵی تایبەت بە بەرپرسیارێتیی خێزانی، کە تایبەتە بە ئافرەت خۆی(Schmid & Mast ; 2004;p: 107-111).

سەرەڕای ئەم بۆچونانەی لای سەرەوە هەندێك پێیان وایە، هیچ جیاوازییەك لە پیادەکردنی بەهای مۆڕاڵییە کۆمەڵایەتییەکان، لە

نێوان هەردو ڕەگەز بەدیناکرێت، لەوانەش (Oliner & Oliner) لەو بڕوایەدان هیچ جیاوازییەك لە پێوانی بەها مۆڕاڵییە کۆمەڵایەتییەکانی، وەك (بەرپرسیارێتی، پەیمانی کۆمەڵایەتی، یارمەتیدانی کۆمەڵایەتی) لە نێوان هەردو ڕەگەز بەدیناکرێت.(. Oliner & Oliner ;1988:p:61). بۆچونە جیاوازەکانی پەیوەست بە مۆڕاڵ و ڕەگەز ئەوەمانپێدەڵێن، هەر ڕەگەزەو بەپێی ژینگەی کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕی ئاینی و تێگەیشتن و درککردنی مەعریفی، نواندی مۆڕاڵی لێچاوەڕواندەکرێت.

بۆنمونە: تاکی موسڵمانی کورد، کە پابەندی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەبێت، لە چوارچێوەی بنەما ئاینییەکاندا ڕەفتار دەکات، بەڵام مەرج نییە هەڵگری ئاینێکی دی جگە ئیسلام، هاوتای موسڵمانەکان لە چەمکی مۆڕاڵ بیر بکاتەوە.

## ٢-١-٢/ مۆڕاڵ و تەمەن:

مرۆڤ لەو ساتەوەی کە چاوی بە دنیا هەڵدێنی و دێتەدنیاوە، بێگومان لە یەك قۆناغدا نامێنێت، و لە گەشە و گۆڕانی بەردەوامدایە، هەربۆیە هاوشانی گەشەی بایەلۆژی، گەشەی (زمانی، مۆڕاڵ، هزر، ڕەفتار...هتد) بەردەوام دەبێت. چونکە هەر لە هاتنە دنیاوەی تاکو مردنی بە چەندین قۆناغی جیاوازیی تەمەندا تێپەڕدەبێت، قۆناغی (منداڵی، مێردمنداڵی، هەراشی، و پیری) هەر قۆناغێك لەم قۆناغانە هەڵگری خەسڵەت و تایبەتمەندیی خۆیەتی، تەمەن یەکێکە لە بنچینە سەرەکییەکانی ناسنامەی کۆمەڵایەتی و کەسێتی مرۆڤ، لە زۆربەی کۆمەڵەکاندا تەمەن کاریگەریی بەرچاوی لەسەر ئەو ڕەفتار و هەڵوێستانەی، کە دەبێت، یان نابێت ئەنجامبدرێن هەیە( Lamas: 2007:p: 69). لێرەدا پرسیارێك دێتەئاراوە ئەویش ئەوەیە، کە ئایە مرۆڤ دوای لەدایکبونی ناچارە باش یان خراپ بێت؟، ئایا ئێمەی مرۆڤ ئامادەگییەکی خۆرسکیمان بۆ جیاکردنەوەی ڕاست و هەڵە هەیە،؟ یان مۆڕاڵمان بە تێپەڕبونی کات لە ڕێگەی ئەزمون و وەرگرتن و کارتێکردنی کۆمەڵایەتییەوە گەشەدەکات.

چەندین سەدەیە فەیلەسوفەکان سەرقاڵن بە بابەتی دوفاقی (چاکە) و (خراپە) لە سروشتی مرۆڤدا، بۆنمونە: (ئەریستۆ) لەو بڕوایەدا بووە، کە مۆڕاڵ لە ڕێگەی فێربونەوە لە تاکدا دەچێنرێت، چونکە مرۆڤ بەبێ مۆڕاڵ لەدایك دەبێت.

(سیگمۆند فرۆید)یش پێی وایە مرۆڤ، کە لەدایك دەبێت وەك لاپەڕەیەکی سپی وایە، نە چاکە و نەخراپە لێکجیاناکاتەوە( Abel:١٩٨٩:p:٥٥). بەڵام هەندێك لە لێکۆڵینەوەکان، و بەپێی هەندێك لە سەرچاوەکان دەگورێت هەندێك بەهای مۆڕاڵی وەك (ئازایەتی ، گیانفیدای)، کە دەکرێت بۆماوەیی غەریزی بن.

لێکۆڵینەوە نوێیەکانی بواری دەروونناسیی پەرەسەندن، ئەوەیان خستۆتەڕو، کە لە مرۆڤدا هەندێ لایەنی باشە هەن، یان وردتر، لایەنی کەم هەندێك منداڵ هەستی مۆڕاڵییان پەیداکردووە، کە وادەکات لە تەمەنێکی بچوکدا تارادەیەك ڕاست و هەڵە، یان باش و خراپ لە یەك جیابکەنەوە.

لە زنجیرەیەکی پرۆگرامی جیهانی منداڵاندا، تەلەفزیۆنی bbc2)) لێکۆڵینەوەیەکی بۆ تاقیکردنەوەی توانای ژمارەیەك منداڵی خوار تەمەن (١)یەك ساڵ بۆ جیاکردنەوەی باش و خراپ پێشکەش کرد، ئەمەش لە ڕێگەی نمایشکردنی چەند بوکەڵەیەکەوە، کە بە ڕەنگی جیاواز ڕەنگ کرابوون، ئەم ڕەنگانە ڕەفتاری مۆڕاڵییان نمایش دەکرد، لە خاڵێکدا ڕەنگی سور هەوڵی دەدا بەسەر بەرزاییەکدا سەر بکەوێت، ڕەنگی شین(خراپ) پاڵی پێوە دەنا بۆ ئەوەی بکەوێت، لە هەمان کاتدا ڕەنگی سەوز(باش) هەوڵی دەدا یارمەتی سور بدات بۆ سەرکەوتن. دوای نمایشەکە منداڵەکان لە نێوان هەردو ڕەنگی شین(خراپ)و سەوزی(باش)،سەرپشك کران بۆ هەڵبژاردنی یەکێك لەو دو ڕەنگە(شین و سەوز) منداڵەکان بە شێوەیەکی بەرچاو ڕەنگی سەوزیان هەڵبژاد، کە ئاماژە بو بۆ ڕەنگی هەرەوەزی و خۆنەویستی.

هەروەها توێژینەوەیەکی زانکۆی (هارڤارد) بە ناوی (چاودێریی دایك) ئەوەی سەلماندووە، کە منداڵ بە نەرمونیانی لەگەڵ یەکتری هەڵسوکەوت دەکەن، و هاوکاری یەکتری دەکەن، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەخەنەڕو، کە مەرج نییە ڕەفتارە باشەکان لە ڕێگەی سزا و سەرزەنشت، یان پاداشت و چاودێرییەوە بێنە ئاراوە (. Www.bbc.com/arabic/vert-fut-46689167.amp)

ئەمە جگە لەوەی هەمو توێژینەوەکانیش ئەوەیان سەلماندووە، کە کەسایەتی و ڕەفتاری مرۆڤ لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیدا

گۆڕانی بەسەردا دێت، بە تایبەتی دوای قۆناغی هەرزەکاری، زیاتر بەرەو کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی هەنگاو دەنێت، و بە شێوەیەك کەمتر دەمارگیری و مەترسیی گرتنەبەری هەڵسوکەوتە دژە کۆمەڵایەتییەکانی، وەك: تاوان، بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، دزی...هتد، تێدا ڕەچاو دەکرێت، هەروەها کەسایەتیی مرۆڤ وەکو سندوقێکی داخراو وایە، کە لەڕێگەی مۆڕاڵەوە بە دیار دەکەوێت، بۆیە مۆڕاڵ دەبێتە ناسنامە، و ئامرازی سەرەکی کەسایەتیی تاك( عارف: ٢٠١١: ل:٢٤)، کارەکتەری مرۆڤ لەگەڵ تەمەنیدا گەشە دەکات، لە بواری باوەڕبەخۆبون و بەهێزبونی ئیرادەو کۆنترۆڵی زیاتری هەست و سۆزی خۆیان دەبینن، کە ئەمەش بۆ خۆی پیادەکردنی تارادەیەکی زۆری بەهای مۆڕاڵی و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە لە خۆدەگرێت.

(مۆتۆس) دەڵێت، خەڵکی بە تێپەڕبوونی کات، لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە میهرەبانتر و گونجاوتر دەبن، هەروەها ئەوان بە شێوەیەکی باشتر، و زیاتر دەتوانن ئەو شتەی، کە لە ژیانەوە پێشبینی دەکەن، لەگەڵ داواکارییەکانی کۆمەڵ هاوسەنگ بکەن، (Wenker: ١٩٨٤ :p: ٩٧).

## ٢-١-٣/ مۆڕاڵ و پێگەی کۆمەڵایەتی:

پێگەی کۆمەڵایەتی (Social Status)، بەهاو بایەخێکە، کە گروپێك بۆ ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی لەبەرچاوی دەگرێت، بەدەربڕینێکی تر، کاتێك کە ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی تاکێك لە کۆمەڵ یان گروپێکدا لەگەڵ ڕۆڵەکانی دیکە بەراورد دەکرێت، و پلە و گرنگی و بایەخی ئەو ڕۆڵە لەو بەراوردکردنەدا دەردەکەوێت، ئەو ڕۆڵە هەڵدەسەنگێنرێت، و بە پێی گرنگی و ڕەچاوکردنەکەی ، پێگە و شوێنەکەی دیاریدەکرێت، لەبەر ئەوەی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی تاکەکان لە کۆمەڵدا جیاوازە، بۆنمونە: ڕۆڵی شۆفێرێك، مامۆستایەك، کرێکارێك، پزیشکێك...هتد، لێك جیاوازە، پێگەی کۆمەڵایەتیشیان جیاوازیی هەیە، ( وسوقی: ٢٠١٣:ل: ٢٣٣).

پێگەی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵێك بەها و پێوانەیە، کە کۆمەڵ لەسەری ڕێککەوتون، بەهاو پێوانەکانییش جۆری پەیوەندیی تاك لەگەڵ دەوروبەر و ئاستی ڕۆشنبیری و ئابوری و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسی و کارگێڕی تاك دەگرێتەوە، کە دەشێ ئەم پێوەرانە لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر جیاوازبن، و لەهەمان کۆمەڵیشدا بە تێپەڕبونی کات گۆڕانیان بەسەردادێت، ڕۆژانە بەرگوێمان دەکەوێت، کە (فلان)کەس پێگەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی هونەری، ئایینی ...هتد، بەرزی هەیە،(شەمس:٢٠١٣:ل: ٢٣). هەروەکو چۆن ئاخێوەرانی یەك زمان، وەکویەك زمان بەکار ناهێنن، و جیاوازییان هەیە، گەشەی ڕۆشنبیریی تاکیش، بەشێوەیەکی تایبەت گۆڕانکاری لە زماندا دروستدەکات، بە هەمان شێوە دەکرێت لە پیادەکردنی مۆڕاڵیشدا جیاوازبن، جیاوازی لە ئاستەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری نێوان خەڵکی یەك ناوچەدا هەیە، و هەریەکەیان کاریگەرییان لەسەر هەڵبژاردن و دەربڕینی چەمکی مۆڕاڵی تاك هەیە.

پێگەی مرۆڤ بون و کۆمەڵایەتیبون، پێگەیەکی مۆڕاڵییە، و هەمو تاکێك وەك بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی ئەرك و بەرپرسیارێتیی دەکەوێتە ئەستۆ(بەکر: ٢٠٢١ :ل: ٣٥)، هەرتوێژێکی کۆمەڵایەتی بگرین یاسای قسەکردن و کەلتور و نۆرمی کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆی هەیە، و تاکەکانی ئەو توێژەش پەیوەستن پێوەی، بۆیە مرۆڤ لەهەر پێگەیەکی کۆمەڵایەتیدا بێت، پیادەکردنی مۆڕاڵ و بەها مۆڕاڵییەکان، وەکو ئەرکێکی کۆمەڵایەتی دەبینێت، پیادەکردنیشی ئەرکی سەرشانییەتی.

## ٢-١-٤/ مۆڕاڵ و پیشە:

دەکرێت پیشە، وەك هەر جۆرە کارێك پێناسە بکرێت، کە پێویستی بە ڕاهێنان و کارامەیی تایبەت هەبێت، یان کردارێکە کە پێویستی بە کۆمەڵێك زانیاری و لێهاتویی تایبەت هەیە، و هەندێك جار ئاڵۆز دەبێت، کە لە ڕێگەی پەروەردەی فەرمی و ئەزمون و پراکتیکییەوە بەدەستدێت.

سەبارەت بە مۆڕاڵی پیشەیی بەشێك لە زانایان و توێژەران دەڵێن: هەر پیشەیەك کۆمەڵێك یاساو مۆڕاڵ و پرەنسیپ و پێوەری ڕەفتاری تایبەت بە خۆی هەیە، کە دەبێت خاوەن کار لە پیشەکەیدا باوەڕی پێبکات، و ببێتە بنەمای مامەڵەکردن لە چوارچێوەی کۆمەڵدا، ( (Wenker: 1984:p: 57.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ئیمە لەو بڕوایەداین، مۆڕاڵی پیشەیی گوزارشت لە بەها و ڕەفتارەکانی هەمو خەڵك دەكات، بە بێ گوێدانە ئەوەی، كە پڕۆفیشناڵن یان نا، بۆیە مۆڕاڵی پیشەیی گرنگییەكی زۆری بۆ كۆمەڵ بە گشتی هەیە، دواجار مرۆڤ بۆ خۆی بونەوەرێكی كۆمەڵایەتییە، و مۆڕاڵی پیشەیی چەندین گرنگی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، وەك ئەوەی یارمەتیدەرە بۆ كەمكردنەوەی هەڵسوكەوتی نەرێنی و نامۆڕاڵی و نادادپەروەرییەكانی نێو كۆمەڵ، بۆ ئەوەی هەر كەس مافی خۆی هەبێت، لە ڕوی پیشەیی و ناوچەی جیاواز،و بە مافەكانی خۆی بگات، هەروەها مۆڕاڵی پیشەیی دەبێتە بناغەو بنچینەیەك بۆ گەشەكردن و زیادبونی ڕەزامەندی پیشەیی لە نێوان هەموان، بە تایبەتی هاوكارە پیشەگەرەكان.

تایبەتمەندییەكانی مۆڕاڵی پیشەیی چەندین خەسڵەت و ڕەفتاری تاكەكەسی دەگرێتەوە، پابەندبون پێوەی كاریگەریی بەرچاوی بۆ جێبەجێكردنی كردارێكی دیاریكراو دەبێت، وەك:(پابەندبون و متمانە، بەرپرسیارێتی، ڕاستگۆیی، دەركەوتن و ئامادەبونی پرۆفیشناڵانە..هتد).

- پابەندبون و متمانە: یەكێكە لە بنەماكانی كاركردن، بە شێوەیەكی پیشەیی.
- بەرپرسیارێتی: ڕەفتاركردن بە بەرپرسیارانە و دادپەروەرانە، لە هەمو پرۆسەكانی پیشەگەری.
- ڕاستگۆیی: ڕاستگۆیی بنەمایەكی سەرەكی هۆكاری سەركەوتنە لە بواری پیشەگەریدا.
- دەركەوتن و ئامادەبونی پرۆفیشناڵانە: جلوبەرگی گونجاوی تایبەت بە پیشەی تاك و خاوێنی و چاودێریی تاكەكەس، خەسڵەتی سەرەكین بۆ دەركەوتنی تەواوی پیشەگەریانە( Padgett :2009:p: 24).

بەبۆچونی توێژەران، لادان لە مۆڕاڵی پیشەیی، جا پیشەكە هەرجۆرێك بێت، دەرئەنجام و دەرهاویشتەی جیاوازیی لێدەكەوێتەوە،بۆنمونە:

مۆڕاڵی پیشەیی مامۆستا و پزیشكێك، جیاوازە، پزیشكێك كاتێك پابەندی مۆڕاڵی پیشەكەی نەبێت، مەترسی بۆ سەر ژیانی كەسانێك دروستدەكات، هەروەها مۆڕاڵی پیشەیی مامۆستا، زیان بە سیستەمی پەروەردە لە كۆمەڵێك دەدات، نەوەیەكی داروخاو ناتەندروست دەخاتە كۆمەڵەوە، بەهەمان شێوە مۆڕاڵی پیشەییی ڕۆژنامە نوسێك هەستكردنە بە بەرپرسیارێتیی بەرانبەر ئەو بابەتەی بڵاوی دەكاتەوە، ئەوەی جێگەی سەرنجە هەندێك جار پێشێلكردنی مۆڕاڵ لە هەمان پیشەدا دەبێتە مۆڕاڵ، بۆنمونە:

لە مۆڕاڵی پیشەی شۆفێریدا ، خێرا لێخوڕینی لە ڕادەبەدەر بۆ شۆفێری ئۆتۆمبێلی تایبەت و گشتی، و هەروەها بارهەڵگریش نامۆڕاڵە، بەڵام بۆ شۆفێری ئامبولانس و شۆفێری ئۆتۆمبێلی ئاگركوژێنەوە، دەكرێت مۆڕاڵ بێت، چونكە ئامانج لەم خێرا لێخورینە پاراستنی گیانی كەسانی تری لێدەكەوێتەوە. لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی هەر پیشەیەك بگرین مۆڕاڵی تایبەت بە خۆی هەیە، هەر لە پیشەی كرێكارێكەوە تا دەگاتە پیشەی سەرتاشێك، و تا گەورەترین دەسەلات، مۆڕاڵ و خەسڵەت و ڕەفتار و تەنانەت وشە و دەربڕین و دەستەواژەی تایبەت بەخۆی هەیە، كە پیادەكردنییان، بەسودی گشتی كۆتایی دێت.

## بەشی سێیەم:

### ٣-١/مۆڕاڵ و پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان:

هەندێ لە زانایانی بواری زمان جەخت لەوە دەكەنەوە، مرۆڤ گەر لە كۆمەڵدا بژێت پێویستی بە ڕۆڵی جیاجیا هەیە، هەروەها پێویستی بە هەڵوێستی جۆراوجۆر هەیە، بۆ نمونە (فێرس) پێیوایە ئەو شێوازەی باوك لەگەڵ منداڵەكەی بەكاری دەهێنێت جیاوازە لەو شێوازەی هەر ئەو باوكە لەگەڵ ئەو كەسانەی، كاریان لەگەڵدا دەكات( محەمەد: ٢٠٠٩:ل: ١١).

بێگومان كاتێك توێژینەوە لە بابەتی مۆڕاڵی دەكرێت لە هەركۆمەڵێكدا، پێویستە سەرەتا باس لەو شێواز و بنەما مۆڕاڵییانە بكرێت، كە ئەندامانی ئەو كۆمەڵە پیادەی دەكەن، لەگەڵ تیشك خستنە سەر بنەما مۆڕاڵییە جیهانییەكان.

وەكو لە بەشەكانی پێشودا ئاماژەمان پێدا ، مۆڕاڵ كۆمەڵە چەمكێكی گونجاو و هاوچەشنن لەگەڵ (چی ڕاستە؟) و (چی هەڵەیە؟)،

چەمکەکانی ژیانی باش ڕێنوێنی کرداری مرۆڤ دەکات ، ڕاستە ئەم چەمکانە دەبنە شوناس و موڵکی تاك، بەڵام هەندێکیان لە تاکەوە سەرهەڵنادەن، بەڵکو ئەوان لە کارلێکردنی پەیوەندیدا، و لە پرۆسە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکاندا دەستنیشانکراون و دەپارێزرێن، هەروەها دواتر دەگوازرێنەوە، بون بە نەریتی مێژویی دیاریکراو، کە تێیدا تێڕوانینێکی دیایکراو بۆ ژیانی باش دەربڕێت، هەمو ئەمانەش لەڕێگەی پەیوەندییەکانی کۆمەڵەوە بەئەنجام دەگات.( Bergman and Luckman: 1999).

بە شێوەیەکی گشتی مۆڕاڵ لە چەند لایەنێکەوە تەماشادەکرێت، کە خۆی لە بنەما و دیسپلینە مرۆییەکانی، وەك (فەلسەفە ، ڕەوانبێژی ، سایکۆلۆژی ، زمان و زانستەکانی تر)، مۆڕاڵیتی زۆربەی جار، هەستی کەلتوری و کۆمەڵایەتیی ڕەفتاری مرۆڤەکانە(Stace.١٩٧٣:p: ٦٩).

بۆنمونە گەر لە ڕوانگەی زمانەوە لە مۆراڵ بدوێن، دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە زمان بەتەنها هۆکاری پەیوەندی و گەیاندن نییە، بەڵکو لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە ئامرازێکی گرنگی بەدەستهێنانی ڕەفتار و هەڵسەکەوتە خوازراوەکانی تاکە، سەرکەوتنی تاك لە بەکارهێنان و پیادەکردنی زمان، بەتەنها لەسەر وەرگرتنی زمان و لایەنی فسیۆلۆجی و ڕێزمان ودەوڵەمەندی تاك لەڕوی وشەو زاراوەوە بەند نییە، بەڵکو پەیوەستە بە لەبەرچاوگرتنی نەریت و ڕەوشتەکانی ئاخاوتن و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی زمان(خلیل: ٢٠١٠: ٦٢).ئاخاوتنیش وەکو جۆرێکی زمان/پەیوەندی گوتەیی، بە کردەیەکی کۆمەڵایەتی ئەژمار دەکرێت، چونکە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی گشتگیرە، لە ئەنجامی کارلێکردنی بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە دێتە ئاراوە، بەرهەمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بەیەکداچووەکانە، واتە ئەو چالاکییە قسەییانەی، کە تاکەکان پیادەی دەکەن لە چوارچێوەی دەربڕین و ئاخاوتندا بەرجەستە دەبێت(مەحمود: ٢٠١٢: ١٦٣).

لەو لێکۆڵینەوانەی تایبەتن بە پیادەکردنی مۆڕاڵی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوە دەخەنەڕو، کە کارلێکی کۆمەڵایەتی ، یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە پراکتیزەی مۆڕاڵی دەگرێتەخۆی، مۆڕاڵ لەم ڕووەوە واتای کارلێکردن و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان دەگەیەنێت، کە ئەمەش بۆ خۆی چەمکێکی ئاڵۆز و تەمومژاوییە و پشتبەستووە، بە ئاستی دنیابینی تاك و چوارچێوەی بەکارهێنانەکەی، واتە مۆڕاڵیتی سات بە سات پێدەگاتو دێتە بەر، بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی کارلێکردنی کۆمەڵایەتیی ، وەکو پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت، هەندێك جاریش پیادەکردنی مۆڕاڵ گرژی و نیگەرانی لێدەکەوێتەوە، لە کاتی کارلێکی پەیوەندییە مۆڕاڵییەکاندا(هەمان سەرچاوە).

تێڕمی مۆڕاڵیتی لە ڕوی کارلێککردنی کۆمەڵایەتییەوە لە چەند بوارێکدا خۆی دەبینێتەوە :

١. مۆڕاڵێتی، وەکو چەمکێکی شیکاری، پەسنی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانە دەکات، کە تێیدا بەشداربوان پێڕەوی ئەو کردار و ڕەفتارانە دەکەن، کە بە ڕاست یان بە هەڵە هەژماردەکرێن، بەپێی پابەندبونی تاك و پابەندبونی کارلێککردنی لە پرۆسەی ئاخاوتن و پەیوەندیدا.

٢. پەیوەندییە مۆڕاڵییەکانی نێو کۆمەڵ، وەکو چالاکییەکی کۆمەڵایەتی یان دیاردەیەك دەردەکەوێت، کە تێیدا هەڵوێست و شوناسی خەڵکی لە خۆیدا پیادەدەکات (Killen and Hart.: 1999:p: 25).

٣. پراکتیزەکردنی مۆڕاڵە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ ئەو مەبەستەی بەشداربوانی دەگەڕێتەوە، بە مەبەستی خزمەتکردن پیادەی دەکەن، وەکو مۆڕاڵە پەروەردەییەکان، واتە پیادەکردنی مۆڕاڵی بەبێ مەبەست نییە، بەڵکو ئامانج و مەبەستی خۆی هەیە.

٤. پەیوەندییە مۆڕاڵییە کۆمەڵایەتییەکان، و ڕێژەی پەیوەندییەکە بەندە، بە چەند بارێك، لەوانەش.

پەیوەندیی لەگەڵ کێ ؟

پەیوەندییەکە بۆ ؟

پەیوەندیی (خزمایەتی ، هاوڕێتی ، ئەندامانی خێزان، ...هتد )،ئەمانە هەمو ڕۆڵ لەسەر ڕێژەی پەیوەندییە مۆڕاڵییەکان دەبینن(Miller and Bersoff:1992:p: 541)

## ٣-١-١/ خزمایەتی:

خزمایەتی بریتییە لە کۆمەڵێك پەیوەندیی، کە بە هۆی نزیکایەتیی خوێنی، یان لە ڕێگەی هاوسەرگیرییەوە، یان خزمایەتی شیری، لە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

نێوان ژمارەیەك لە تاكەكاندا دێتەكایەوە و دەبێتە هۆی دروستبونی و بەرجەستەبونی بەپرسیارێتی تاكەكان بەرانبەر بە یەكتری (وسوقی و نیك: ٢٠١٣:ل: ٢٠٣)، وەكو ئاشكرایە، كە یەكەم پایەی بنیاتی كۆمەڵ خێزانە، و لە خێزانیشدا پێڕەوی تایبەت بە گونجاندن و ڕێكخستنی ڕەفتارە مۆڕاڵییە و كۆمەڵایەتییەكان، كە هەر كۆمەڵە و بە پێی تایبەتمەندی خۆی پیادەو پێڕەوی دەكات، دواجاریش پێڕەو و پادەكردنی ئەم ڕەفتارە كۆمەڵایەتییانە ڕەفتاری زمانی لێدەكەوێتەوە، لە ڕێگەی كەرەسە زمانییەكانەوە، بەهاو بنەما مۆڕاڵییەكان دێنە كایەوە، كەخۆیان لە كۆمەڵێك كەرەستەو چەمكی تایبەت بە خزمایەتی وەك،( كاكە، دادە، مام، پور، خاڵ، ئامۆزا، پورزا،...هتد)،(هەمان سەرچاوە)، پرۆفیسۆرێكی ڕوسی بە ناوی (هجمان) پێیوایە(( ئەو بەشانەی شارستانێتیی مرۆڤ كە تا ڕادەیەكی زۆر پشت بە زمان دەبەستن، ئەوانەن كە بە كۆمەڵایەتی ناودەبرێن، ڕێكخستنی كۆمەڵایەتییانەی ئایدیۆلۆجی-Ideology و خزمایەتی Kinship بنچینەی ڕێكخستنی كۆمەڵایەتییانەی مرۆڤن. ئەو دامەزراوە كۆمەڵایەتییەش Social Institution، كە هێنانە پێشچاوی بە بێ زمان بونی نابێت، لە هەر پێڕەوێكی زمانیشدا، كە هەر یەكێك لە خزمەكانی كەسێك، سەر بە جۆرێكی خزمایەتی باوە(kinship category) بە زاراوەیەكی خزمایەتی دیاریكراو ئاماژەی بۆ دەكرێت، و بەندیش دەبێت بە ڕەفتارێكی باوەوە، بەرانبەر بەو خزمە، بەبێ كۆمەڵە زاراوەكانی خزمایەتیشKinship terms ئەو بنەما ڕەفتارییانەش، كە پییانەوە بەندن و دەماودەم دەگوێزرێنەوە، ئەوا هەر ڕێكخستنێكی خزمایەتی، كە هەمو ئەندامانی كۆمەڵ ڕێكبخات، كارێكی لە كردن نەهاتو دەبێت)( فەرەج: ٢٠٠٠:ل: ١٦٠-١٦١)، هەمو ئەم ناوانەش، وەكو ناوەكانی بانگكردن، لە نێوان كەسە نزیكەكانی خزمایەتی جیاوازە، هەندێكجاریش دەكرێت ئەوكەسانەی، كە خزمیش نین، و بەو ناوانە بانگ بكرێن، لێرەدا ئەم ناوانە واتای فەرهەنگی ناگەیەنن، بەڵكو وەكو ناوێكی گشتی بانگكردن، و واتایەكی باركراو بۆ ڕێزگرتن و پیشاندانی بەهای مۆڕاڵی بەكاردێن،(حەمە ڕەشید: ٢٠١٢:ل: ١١١).

## ٣-١-٢/ هاوڕێیەتی:

یەكێك لە بنەماو بەها گرنگەكان و پێداویستییەكانی ژیانی مرۆڤ هاوڕێیەتییە، چونكە هاوڕێیەتی بۆ خۆی بەهایەكی مۆڕاڵی بنەڕەتییەو، و مەرجێكە لە مەرجەكانی چاكەخوازی ، ڕۆڵی هاوڕێیەتی لە چاندنی تۆوی بەها مۆڕاڵییەكان، بە درێژایی مێژو، هەمیشە جێگەی بایەخ و گرنگی پێدان بووە لە هەمو كۆمەڵەكاندا، هاوڕێیەتی كاریگەریی بەهێزی لەسەر گەشەكردن و پاراستنی پیادەكردنی بەها مۆڕاڵییەكانی ژیانی كۆمەڵدا هەیە،( متیاس: ٢٠١٧:ص: ١٧)، دەبێت ئەوەش بزانین پلە و پایەی هاوڕێیەتی لە هاوڕێیەكەوە بۆ یەكێكی تر دەگۆڕێت بەتایبەتی لە ڕوی پیادەكردن، و بەرجەستەكردنی بەها مۆڕاڵییەكان، بەڵام لە ڕوی هەڵسەنگاندنە جۆراوجۆرەكانی لیكۆڵەرانی بواری فەلسەفە و سایكۆلۆجی، ئاماژە بە دو ئارگۆمێنت سەبارەت بە پەیوەندیی هاوڕێیەتی دەكرێت، ئارگۆمێنتی یەكەم لەسەر گەشەی مۆڕاڵی، وابەستەیە بە كاریگەری ژینگە لەسەر تاك لە ڕوی كەسایەتیی و لە چوارچێوەی ڕەفتاری ئەرێنی و مۆڕاڵییەوە.

ئارگۆمێنتی دووەم، خۆی لە كەسێتیی پێشەنگ(قدوە)ی باش دەبینێتەوە، كەزۆر جار دەكرێتە نمونەی باڵا وەك، (باوك، برا، هاوڕێ، كەسی نزیك ...هتد)ئەمەش لەخۆیدا پەیوەندییەكی پتەو دەبێت و ڕەنگدانەوەی لەسەر هاوڕێیەتی دروستدەكات. (Blum:١٩٩٣:p: ١٩٢).

زۆرجار ئێمەی مرۆڤ وا هەست دەكەین كە ڕەفتارو هەڵسوكەوتمان زادەی خودیی خۆمانە، هەرچەندە هەڵسوكەوتمان ئەوەندەی پشت بە هاوڕێ و كەسە نزیكەكانمان دەبەستێت، هەرئەوەندەش پەیوەندیی بە ئیرادەی خۆمانەوە هەیە، هاوپیشەكانمان لە دەوروبەرمان توانا و كاریگەریی ئەرێنی و نەرێنییان لەسەرمان هەیە، بۆنمونە:كاریگەریی نەرێنی وەك( جگەرەكێشانی زیاد لەپێویست و گوێنەدان بە ژینگە و خواردنەوەی لە ڕادەبەدەر...هتد)،

كاریگەربون بە هاوڕێ، بابەتێكی نەستی (لاشعور)یە، چونكە مێشكی مرۆڤ لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ دۆزینەوەی بەڵگە لەسەر كەسانی دەوروبەر، وەبیرهێنانەوەی ڕەفتارە خوازراوەكان، كە پێویستە پیادە بكرێت، زاناكان لەسەر ئەوە هاوڕان، كە تێروانیمان بۆ خۆمان لەڕێگەی پەیوەندی و تێكەڵاویمان لەگەڵ كەسانی دەوروبەرمان دروستبووە. (ئەمبەر گافنی) توێژەری دەرونناسی لە زانكۆی هامبۆڵت لە كالیفۆرنیا دەڵێت: ئەگەر تۆ بەشێكی زۆر لە شوناسی خۆت لە گروپێكی تایبەتەوە وەرگرتبێت، تەنانەت ئەگەر لەگەڵیشیان نەبێت، زۆربەی ئەگەرەكان لەگەڵ ئەوەدان، كە وابەستەی بەهاكانی ئەم گروپە بیت، و لە هزرتا بچەسپێت، بۆنمونە: گەر وەكو خوێندكار، یان كەسێكی

ئەکادیمی خۆت بناسی، لەوانەیە لەم ڕوانگەیەوە بۆ جیهان بڕوانیت، ئەمانەش بە نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان ناودەبرێن.

### ٣-١-٣/ ئەندامانی خێزان:

خێزان یەکەمین بناغەی بنیاتنانی کەسایەتییە، و ڕۆڵی دایك و باوك كاریگەریی سەرەكی لەسەر دروستبوونی کەسایەتیی منداڵ هەیە، هەروەها ڕۆڵی خێزان لە ڕوی پەروەردە و چاودێری لە پیادەکردنی بنەما مۆڕاڵییەکان، و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی ئەندامانی خێزان، لە لایەن گەورەکانەوە لە چوارچێوەی ڕێنوێن و ئامۆژگاری، هەنگاوی یەکەمی دروستکردنی کۆمەڵێکی تەندروست(Cronin: ١٩٩٤:p:٢٧١)، واتە دایك و باوك ڕۆڵی گەورە لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتی بونی منداڵ دەبینن، پەیوەندییەکانی دایك و باوك لەگەڵ منداڵدا، لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێکی تر جیاوازە، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی کاریگەرییان لەسەر گەشە لای منداڵ و تازە پێگەیشتوان، بە بێ گوێدانە ڕەگەز و تەمەنیان هەیە.

بە بۆچونی هەریەکە لە (Maccoby) و (Martin)، چوار شێوازی بنەڕەتی لە پیادەکردن و سەپاندنی مۆڕاڵ لە منداڵدا پەیڕەو دەکرێت:

١. شێوازی دەسەڵات (السلطة): لەم شێوازەدا دایك و باوك لە ڕێگەی فەرمانکردن و بەکارهێنانی دەسەڵاتیانەوە هەوڵی چاندنی مۆڕاڵ و کۆنترۆڵکردنی خێزان دەدەن.

٢. شێوازی باوەڕپێهێنان: لێرەدا لە ڕێگەی دادپەروەری و بنەماکانی ئازادی، بۆ منداڵ و ئەندامانی خێزان، هەوڵی پیادە و پەیڕەوکردنی بنەماکانی مۆڕاڵ دەدرێت.

٣. شێوازی نەرمونیانی: لەم شێوازەدا لە ڕێگەی دابینکردنی ژینگەیەکی ئازادی ڕەهاوە، بەبێ گوێدانە ڕێسا و یاساکان، هەوڵی پیادەکردنی مۆڕاڵ و بنەماکانی دەدرێت.

٤. شێوازی فەرامۆشکراو (المهمل): لەم شێوازەدا نە گوێ بە بنەمای ئازادی و ڕێسا و یاسی کۆمەڵایەتی و بنەماکانی خێزاندا دەدرێت، بەشێوەیەك كە یەکێك نەبێت لە ئەندامانی خێزان(Martin. And Maccoby: 1983:p:81).

خێزان بەردی بناغەی کۆمەڵە، کە بنیاتی بەها و بنەما مۆڕاڵییەکانی تاك و کۆمەڵ لە خۆدەگرێت، خێزان یەکەم دامەزراوەیە، کە منداڵ مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، یەکەم قوتابخانەی ئامادەکردنێتی ، بۆ چاندنی هەمو بەها مۆڕاڵییە بەرزەکان، پەروەردەیەکی تەندروست گەورەترین و گرنگترین ئەرکی خێزانە، بۆ گەشەی تاك لە ڕوی ئارامی دەرونی و گونجاندنی لەگەڵ بەها مۆڕاڵی و کۆمەڵایەتییە ستانداردەکان، شێوازی پەروەردەی پیادەکراو لە خێزاندا کاردانەوەی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر هەڵسوکەوتی ئەندامانی خێزان، و مامەڵەیان لە گەڵ تاکەکان و کۆمەڵ هەیە(وسوق و نیك: ٢٠١٣:ل: ١٩٠-١٩١).

خێزان کۆڵەکەی کۆنترۆڵی مۆڕاڵ و هەڵسوکەوتی ئەندامەکانی و کۆمەڵە، هەروەها کۆمەڵەکان و تەنانەت خێزانەکانیش جیاوازییان لە پیادەکردن و پەیوەستبوونیان بە بەها مۆڕاڵییەکان هەیە، هۆکاری ئەم جیاوازییەش بۆ چەند هۆکارێك، دەگەڕێتەوە، لەوانەش:

١. ئەو کەلتورەی دایك و باوك، پیادە و پەیڕەوی دەکەن، لە منداڵییەوە بەدەستدەهێنرێت.

٢. ئاستی ئابوری و کۆمەڵایەتیی خێزان.

٣. ئاستی ڕۆشنبیری و پەروەردەی دایك و باوکان.

٤. ئایین و ئەو بەهایانەی کە ئەندامانی خێزانی تێدا دەژین.

٥. ئەو ئەزمونانەی، کە دایك و باوك لە ماوەی ژیانی زانستی و کۆمەڵایەتیدا بەدەستیانهێناوە( Cronin: ١٩٩٤: p:٢٧٤ ) :. گرنگترین ئەو بەها مۆڕاڵیانەی، کە پێویستە لەلایەن ئەندامانی هەر خێزانێکەوە بەرجەستەبکرێت (ڕاستگۆیی ، لێبوردەیی ، لێهاتویی و بەرپرسیارێتی ، دادپەروەری و ئارامگرتن،...هتد).

بۆ ئەوەی خێزان ڕۆڵی ئەرێنی و بەرچاو بگێڕێت، لە چاندنی بەهای مۆڕاڵی لە نێوان ئەندامەکانیدا، پێویستە ژینگەیەکی لەبار دروست بکات لە نێوان منداڵانی خێزاندا، و لە ڕێگەی گفتوگۆی بابەتییانە و دیالۆگ و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان لە ڕێگەی ڕێز و خۆشەویستی و گرتنە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

بەری ئەم چەند ڕێگایە:

١. پێدانی متمانە بە منداڵان و هاوکاریکردنیان لە چارەسەرکردنی سەرجەم ئەو کۆسپ و گرفتانەی ڕوبەڕویان دەبنەوە.

٢. ڕێنوێنیکردنیان لە چۆنێتیی دابەشکردنی کاتەکانیان، و برەودان بە شارەزایی و بەهرەمەندییان.

٣. بەدواداچوون و گوێگرتن لە ڕاو سەرنجەکانیان و بەهەند وەرگرتنی پرسیار و تێبینییەکانیان.

٤. دورکەوتنەوە لە ڕەخنەی توند و سزادانی ناپێویست، و چارەسەری کێشەکانیان بە شێوازی دیالۆگ.

٥. هاندانیان لەسەر بەها و پرەنسیپە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان و بەرز نرخاندنیان.

٦. هاندانیان لەسەر هەڵبژاردنی هاوڕێی باش لەسەر بنەمای پتەوی باوەڕ و مۆڕاڵی بەرز و دورکەوتنەوە لە هاوڕێی خراپ.

٧. گرنگیدان بە هزر و بیرکردنەوەیان، هاندانیان بۆ ئەوەی، کە داهێنەربن.( هەمان سەرچاوە).

## ئەنجامەکان

لە شیکردنەوەی درکپێکراوەکانی نێو توێژینەوەکە گەیشتینە ئەوەی:

١. پشتبەست بە چەشن و جۆرەکانی کەلتور و دەوروبەری کۆمەڵایەتییەوە، دەردەکەوێت کە وابەستەبونی ئاوەز و زمانی مرۆڤی کورد بە بەها کەلتوری و کۆمەڵایەتییەکانەوە، وەك ستراتیژێك بۆ پاراستنی مرۆڤی کورد لە تێکشکاندنی کۆدە مۆڕاڵییەکانی کۆمەڵی زمانی و هێشتنەوەی هێڵ و سنوری پێوەندیکردن لە نێوان ئاخێوەرەندا دەبینرێت.

٢. زمانی مۆڕاڵی ئەو زمانەیە، کە ئاخێوەر تێیدا پێویستی بە هەڵبژاردن و بڕیاردان هەیە، هەروەها زمانی هەڵسەنگاندن و ئاڕاستەکردنی ئامۆژگارییە سەبارەت بەو زنجیرە کردار و هەڵسوکەوتانەی، کە ڕۆژانە دوچاریان دەبینەوە.

٣-لە پەیوەستبوونی (کەلتور) و (دەوروبەر) بە زمانەوە سەرنجەدرێت، کە ئەم دو کەتیگۆرییە لە زمان و کۆمەڵدا دو کەتیگۆری نەگۆڕ و جێگیرن، بەو واتایەی، کە ئاخێوەران لە کاتی ئاخاوتنەکان و بەکارهێنانی زماندا خۆڕسکانە و خۆنەویستانە بە شێوەیەکی لە خۆوەیی پێڕەومەندانە ڕەچاویان دەکەن.

٤. ڕەنگدانەوەی کەلتور و دەوروبەر، وەك هێزی کۆمەڵایەتیی ئاخاوتن، وەك زۆر بابەتی دیکە جێگیر نین، و بەردەوام لە گۆڕاندان، واتا بە گۆڕانی ئاستی کۆمەڵایەتی ئاخێوەران دەگۆڕێن. چییەتی و چۆنیەتی دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەك و لە لایەکی دیکەشەوە ڕەنگدانەوەی جیاوازیی کەلتوری، مۆڕاڵی زمانی لێدەکەوێتەوە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە، هەروەها مۆڕاڵی زمانی بە پێی تێڕوانینی مرۆڤ بۆ ژیان و دەوروبەر و سەردەم دەگۆڕێت.

٥. مۆڕاڵ کۆمەڵێك ڕەفتار و هەوڵسوکەتی ستاندارده، هۆکارە بۆ پێکەوە ژیان و هەرەوەزی و هاوکاری نێوان مرۆڤەکان، و ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتانەش، کۆمەڵ بڕیار لەسەر ڕاست و دروستیان دەدات، بنەما و پایەیەکی گرنگی پاراستن و هاوسەنگ ڕاگرتنی ژیان و هێشتنەوەی کۆمەڵە بە شێوەیەکی پتەو و بەهێز، هۆکارێکیشە بۆ ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤ، و بەبێ بونی مۆڕاڵ لە کۆمەڵدا ژیان جۆرێك لە نائارامی و فەوزای تێدا دەردەکەوێت.

## لیستی سەرچاوەکان:

### یەکەم بە زمانی کوردی:


١-عارف، ئەڤین سامی (٢٠١١) کاریگەری باری دەروونی لەسەر زمانی قسەکردن نامەی ماستەر کۆلێژی زمان زانکۆی سەلاحەددین.

٢--حەمەڕەشید، ئارام عەبدولواحید (٢٠١٢) ڕێزگرت لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان/ فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

٣-حەمە عەلی ئومێد(٢٠١٨)ئەخلاق و زمان. ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە، سلێمانی.

٤-زایەر، بەهار محمد، (٢٠٠٩)، زمان و یاسا کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٥-محەمەد، کامەران (٢٠٠٧) کەلتوور لە نێوان وەرگرتن و ڕەتکردنەوەدا،چاپخانەی ڕۆمان سلێمانی.

٦-پەیتەرکلوس(٢٠٠٢)ئەنثرۆپۆلۆژی کەلتوری، و. خەلیل محەمەد شڵماشی، چاپخانەی بەدرخان، سلێمانی.

٧-فەرەج، شاخەوان جەلال (٢٠١٣) تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان و کەلتور،چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

٨-وەلی، فەیسەڵ ئیبراهیم (٢٠٢٠) خەسارناسی گەشەکردن: کاریگەری پەروەردەی ئەخلاق لە گەشەکردنی هەمەگیردا.توێژینەوەکانی کۆنفرانسی ئەخلاقناسی، ساڵی ٢٠١٩.

٩-شەمس، هیمن عەبدوالحەمید (٢٠١٣) هەژموونی زمان لەسەر کەسێتی کورد پەندی پێشینان بە نمونە، نامەی دکتۆرا،فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

١٠-فەرەج، هۆگر مەحمود (٢٠٠٠) پراگماتیك و واتای نیشانەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١١-عومەر، نەوزاد ئەنوەر (٢٠١٤) هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتی پراگماتیك لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، سکوڵی زمان، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

١٢-وسوقی مەنسور و نیك، عەلی ئەکبەر خولق،(٢٠١٣) بنەماکانی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی، سیروان محەمەد حاجی، خانەی موکریان ، هەولێر.

١٣-بەکر، محەمەد (٢٠٢١) ئەخلاق لەدیدی عەبدوڵلا ئۆجەلاندا.

١٤-کەریم تۆفیق(٢٠١٢)کاریگەری ئیسلام لەسەر کەلتوری کورد، بەرگی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی تیشك(٨٢).

١٥-مەحمود ئاڤێستا کەمال(٢٠١٢) پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، فاکەڵتی زانستە مرۆییەکان، سکوڵی زمان.

**دووەم/ بەزمانی عەرەبی:**

١-أبو الفتوح، خالد (٢٠٠٠) الحضاره، مجله البیان، العدد ١٤٦، لندن، السنه الرابعهعشره.

٢--القذافی، رمضان محمد و الدوبیبی عبدالسلام بشیر (٢٠١٠) علم النفس الاجتماعی، المكتب الجامعی الحدیث ، لاسكندریه.

٣- خلیل إبراهیم (٢٠١٠) مدخل الى علم اللغة, دار المسیرة, عمان, الأردن.

٤-وطفة، على اسعد (٢٠١٣)في مفهوم الأخلاق، قراءة فلسفية المعاصرة، مجلة شؤون اجتماعية، مجلة فصلية محكمة، تصدر عن جمعية الاجتماعيين والجامعة الامريكية في الشارقة.

٥-البعلبكی، منیر (١٩٧٦)، المورد(قاموس انگلیزی-عربی)دار العلم، بیرت.

٦-متیاس، میشیل حنا (٢٠١٧) الصداقه قیمه اخلاقیه مرکزیه، عالم المعرفة: قاهره، مصر.

**سێیەم/ بە زمانی ئینگلیزی:**

1-Abel, Donald C. (1989) Freud on Instinct and Morality. State University of New York

2-AS horn by: Oxford Advanced Learners Dictionary of Current English Oxford University press, Fifth edition, 2000.

3-Bergman, J.and Luckman, T, Eds (1999) Communicative Contraction von moral. Oppland, Wiesbaden; West-detacher Verlag.

4-Blum, L.A., 1993. “Friendship as a Moral Phenomenon”, in Badhwar (1993).

5-Cronin, Kieran 1994 Morality and the Family.

6-Gillian, C. and Wiggins, G, (1987) The origins of morality in early Child hood relation Chicago, university

Chicago ores.

7-Haffman, C, and Hurst, N. (1990) Gender Sterotype Journal of personality and social psychology 58.

8-Haidt, J (2007) The new Synthesis in Moral Psychology Science.3/6.

9-Haidt, J. (2008). Morality, Perspectives on Psychological Science.

10-Kenneth H. Wenker (1984) Foundations of Professional Morality.

11-Killen, M. and Hart, D.: 1999: Morality in every day lif. Cambridge University Press.

12-Kohlberg, L. (1984) The Psychology of Moral Development, San.

13-Llamas, Carmen (2007)- Age- Sociolingustics

14-Matsumoto, David, and Juang, Linda (2017) Culture and Psychology.

15-Mary, Dougglas. "Morality and Culture." Ethics, 93, 1983, pp. 786-91.)

16-Maccoby, E, E., and Martin, J, A. (1983) Socialization in the Context of the family: Parent-Child interaction, New York.

17-Miller, J. G. and Bersoff, O.M,1992: Culture and Moral Judgment.

18-Onliner, S.P. and Online, P.M. (1988) The alhuistic personcelity New York press.

19-Padgett, Barry L. (2009) Professional Morality and Guilty. Cambridge Publishing.

20Raymore (2016) Sociologic Gerontology. Mimi University Oxford Ohio.

21-Schmid- Mast, M. (2004) men are hierarchical, Women are egalitarian Swisstournal of osychology 64.

22-Shweder, R, A. Much, N. C. Mahapatra, M., and Park, L. (1997) Th Big three of Morality (Autonomy, Community, and Divinity. New York.

23- Smith. P. and Schwartz, H, S. (1997) Values. Hand book of cross- Culture Psychology.

24-Stace, Walter, T. (1973) The Concept of Morals the Macmillan Company.

25-Tangney, J.P. Dearing, R.L. (2002) Gender differences in Morality.

26-Websters Encyclopedic Unabridged Dictionary of the English Language: printed in the United States of America: 1989.

**چوارەم: وێبسایت.**

1- www.bbc.com/arabic/vert-fut-46689167.amp